شێخ حەمودی بە باڵێزی بریتانیا: بەهێزی و سەقامگیری عێراق پێویستییەکی هەرەمی و نەوەوەتییە

ئەمڕۆ چوارشەممە، شێخ هومام حەمودی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق، بە عیرفان سدیق باڵێزی بریتانیا لە عێراقی ڕاگەیاند، بەهێزی و سەقامگیری عێراق پێویستییەکی هەرەمی و نەوەوەتییە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی شێخ حەمودی لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، دەڵێت: "سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق شێخ هومام حەمودی، پێشوازی لە باڵێزی بریتانیا لە عێراق عیرفان سدیق کرد و پێکەوە پەرسەندنەکانی گەڕەپانی سیاسی و دەسیی پێکهێنانی حکومەتیان دوای سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو تاوتوێ کرد."

بەگوێرەی بەیاننامەکە، شێخ هومام حەمودی جەختیکردەوە: "قۆناغی داهاتوو پێویستی بە ئامادەکردنی بەرنامەیەکی حکومی واقیعی هەیە کە کەشە ئابووریەکان چارەسەر بکات و وەڵامدەرەوەی خواستەکانی گەل بێت"، تیشکیشی خستە سەر ئەوەی کە "بەهێزی و سەقامگیری عێراق پێویستییەکی هەرەمی و نەوەوەتییە."

هەروەها ئاماژەی بەوەکرد: "پێگەی جوگرافیی عێراق دەرفەتێکی بەوێنەی پێ دەبەخشێت بە گەلانی ئەمەکی

سەرەکی لە بڕەودان بە گفتوگۆ و بنیاتنانی ئاشتی"، داواشی کرد "هەوڵە دیپلۆماسییەکان چڕبکرێنەوە بە سوودوەرگرتن لەم تایبەتمەندییە لەپێناو نەخشاندنی هاوکێشەی هاوسەنگتر لە ناوچەکەدا."